سەرۆک کۆمار تۆئکیدی لەسەر گرنگی بەردەوامی هەماهەنگی کردەوە بە زانینی چارەنووسی بەسەروشوێنکان

سەرۆک کۆمار لەمیانی پێشوازیکردنی لە بەڕێوەبەری گشتی لیژنەی نێودەوڵەتی بە کاروباری بەسەروشوێنان تۆئکیدی لەسەر گرنگی بەردەوامی هەماهەنگی کردەوە بە زانینی چارەنووسی بەسەروشوێنکان.

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە باویکردەوە سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید ڕۆژی یەکشەممە 25 ی ئایاری 2025 لە کۆشکی بەغدا پێشوازیکرد لە بەڕێوەبەری گشتی لیژنەی نێودەوڵەتی تایبەت بە کاروباری بەسەروشوێنکان خاتوو کاترین بەمبەرگەر و وەفدی هاوڵەی .

وتیشی لە کۆبوونەوەیەکدا تاوتوێی لایەنەکانی هاوکاری نێوان ICRC و عێراق کرا لە چارەسەرکردنی کێشەی بەسەروشوێنکان و بەهێزکردنی هەوڵە مرۆییەکان لەم بوارەدا و جەختیان لەسەر پێویستی بنیاتنانی توانا بە کردنەوەی گەڕە بەکەمەکان و دەستنیشانکردنی ئوفاتی قوربانیان کردەوە بە ئاسانکاری گەیاندنەوەیان بە کەسوکارەکانیان.

سەرۆک کۆمار بەپێی ڕاگەیەندراوەکە تۆئکیدی لەسەر گرنگی بەردەوامی هەماهەنگی نێوان لایەنە

پێیوێندیدارەکانی عێراق و کۆمیتێی نێودەوڵەتی کردەوە بە زانینی چارەنووسی بەسەروشوێنەکان و سوودوەرگرتن لە ئەزموون و دروستکردنی کاری هاوبەشی کاریگەر لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە لەم بوارەدا کار دەکەن و ئاماژێی بەوەدا کە ئەو هەلومەرجێی عێراق بەهێی شەڕ و تیرۆرەوە پێیدا تێپەڕیوە پێویستی بە هەوڵێی هاوبەش هەیە بە یارمەتیدانی کەسوکاری قوربانییەکان بە دیاریکردنی چارەنووسی ڕۆڵەکانیان و چارەسەرکردنی ئەو دەسیە مرۆییە.

سەرۆک کۆمار ئاماژێی بە پێویستی بەردەوامی کردنەوێی گەڕە بەکۆمەڵەکان و ناساندنی خاوێنەکانیان کرد و ئاماژێی بەوەدا کە گەیاندنەوێی تەرمەکان بە کەسوکارەکانیان و دادپەروەری و قەرەبووکردنەوە بەتە بابەتێکی بەپەلە بە دەستبەرکردنی ڕەز و شکە بە قوربانیان و تەئکیدی لەسەر پێویستی بە دەکیەمەنت کردنی ئەو تاوانانە کردەوە کە لە لایەن چەتەکانی تیرۆریستان و ئژەمی دیکتاتۆرییەوە ئەنجامدراون بە ئاگادارکردنەوێی نەوەکان لە سروشتی ئەو تاوانانە و پەشەلکردنی مافەکانی مرۆڤ.

لای خۆیەوە خاتوو بەمبەرگەر پابەندبوونی لیژنەکێی بە پشتیوانیکردنی عێراق لە هەوڵەکانی بە چارەسەرکردنی کێشێی بەسەروشوێنەکان لە ڕەگێی پاپشتی تەکنیکی لە بڕودان بە جەبەجەکردنی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی دووپاتکردەوە و پێرەشی خێی بە بەردەوامبوون لە گەیان بەدوای چارەنووسی بەسەروشوێنەکان دووپات کردەوە.